دارایی هەرێم: هەر فەرمانبەرێك ئارەزوی گواستنەوەی ڕاژەی دەكات بە بانكی نیشتیمان دەتوانێت سڤی بنێرێت

وەزارەتی دارایی و ئابوری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئاگاداری فەرمانبەرانی بانكە بازرگانییەكان دەكاتەوە كە هەر فەرمانبەرێك ئارەزوی گواستنەوەی ڕاژەی دەكات بە "بانكی نیشتیمان"، دەتوانێت سڤی بنێرێت بە مەبەستی دانانی سەرێك بەشكان و یاریدەدەرەكان.

وەزارەتی دارایی و ئابوری، ئەمە دوشەممە لە ڕاگەیەندراوەكدا باویكردەوە، بانكی نیشتیمان، بانكەكی حكومی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوری حكومەتی هەرێمی كوردستانە و لەلایەن بانكی ناوەندی عێراقەوە مۆڵەتی پێدراوە.

ئاماژەی بەوەشكرد، هەر فەرمانبەرێك لە بانكە بازرگانییەكانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوریی ئارەزو دەكات ڕاژەكەی بگوازێتەوە سەر بانكی نیشتیمان، دەتوانێت سڤی بنێرێت بەمەبەستی دانانی سەرێك بەشكان و یاریدەدەرەكان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەكەی وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی كوردستان، ئەو فەرمانبەرانەی دەیانەوێت ڕاژەكەیان بگوازنەوە دەتوانن لەماوەی ئەم لینكەی خوارەوە فەرمی دیاریكراو پڕبكەنەوە، دواتر چاوپێكەوتن ئەنجام دەدرێت.